# پەرەسەندنی دیمۆگرافیای کەرکووک لە رۆژگاری پاشایەتیدا (١٩٢١-١٩٥٨)

دڵشاد مەحموود عەبدوڕەحمان[1]

یەکەم سەرژمێریی مەزەندەکاریی جێی باوەڕ لە عیراقدا، سەردەمی ئینتیدابی بریتانی ئەنجامدرا (١٩٢٢-١٩٢٤)، کە دواتر بووە داروەکازی دەستی لێپرسراوانو بناغەیەکیش بۆ بنیاتنانی سەرژمێرییە مەزەندەکارییەکانی دیکە. ڕاستیی، ئەو سەرژمێریانە وێڕای ئەوەی گرنگو بە بایەخن، ورووژێنەری پرسیارگەلو ڕاڤەکردنی زۆریشن، چونکە بەر لە هەر شت خاوەن مۆرکی ڕەمەکیین.

سەبارەت بە کەرکوک، ئەو سەرژمێرییە مەزەندەکارییانە، لە سۆنگەی ساغکردنەوەی کێشەی هەستیاری مووسڵدا، ڕەهەندی سیاسی وەرگرت، کە خەمگەرانە ڕۆڵی بێ پێچو پەنای لە ڕەنگرێژکردنی داتاکان نواند. بۆیە وەك لە خشتەی ژمارە (١)دا دەردەکەوێ، ناهاوتەریبیو دژیەکێکی دیار لە خەمڵی ژمارەی دانیشتواندا بەرچاو دەکەوێ، ئەوەش بەڵگەی کاریگەریی کێشمەکێشی سیاسی دەسەلمێنێ.

لەگەڵ هەموو هەڵەو چەوتو چوێرییەکانی ئەم سەرژمێرییە مەزەندەکارییانەدا، بەو پێودانەی لە هەموو بارێکدا، دەشێ وێنایەکی گشتی سەبارەت بە خەمڵی ژمارەی دانیشتوان بدات بە دەستەوە، لە لایەن توێژەرانو مێژوونووسانەوە گرنگی خۆی وەرگرتووە.

هەرچۆنێك بێت، سەرژمێرییە مەزەندەکارییەکانی دیکەی بەر لە یەکەم سەرژمێریی فەرمیی ساڵی (١٩٤٧)، بە ئاکامێکی چێترو نزیکتر لە واقیع گەیشتوون. چونکە هەلو مەرجی سیاسیو کۆمەڵایەتیان، تا ڕادەیەك، لەبارترو یارمەتیدەر بوو. بەڵام هاوکاتو شانبەشانی ئەوەش، هێشتا کەمایەسیی دیار لەو سەرژمێرییانەدا تێبینی دەکرێ. لەم بارەیەوە، ڕەنگە خستنە ڕووی داتاکانی ئەو سەرژمێرییانە کارێکی بێ جێ نەبێ. بروانە خشتەی ژمارە (٢) جێی تێڕامانە، لە خشتەی

ژماره (٢)دا ئەگەر سەرنج بدرێتە ڕادەی زێدەبوونی سەرژمێرییە مەزەندەکارییەکەی ساڵی (١٩٤٢)، ئامالڕوونانە هەست بە زێدەبوونێکی ناسروشتیانە دەکرێ(!) ئەم ئاکامەش دەشێ لە سۆنگەی پەرەسەندنی دوو دیاردەی کۆمەڵایەتیو سیاسییەوە ڕاڤە بکرێ:

یەکەمیان: دەکەوێتە چوارچێوەی پرۆژەی حەویجەوە[٢]، کە ساڵی (١٩٣٦) بە نیازی نیشتەجێکردنی هۆزە کۆچەرییەکانی ناوچەکە، دەست بە جێبەجێکردنی کراو هۆزگەلی (عوبێدو جبوورو ئەلبوحەمدانو..تاد)، لە ناوچەکە بنەجێ کران[٣].

دووەمیشیان: خۆی لە خانەی شپرزەبوونی ئەو بارە ئابوورییە دەبینێتەوە، کە لە سەروەختی جەنگی دووەمی جیهانی (١٩٣٩-١٩٤٥)، عیراق بە شێوەیەکی گشتی تێی کەوتو ڕفکان ڕفکانو قاتو قڕی، حکومەتی ناچار کرد لە پێناو دابینکردنو دابەشکردنی خواردەمەنی بەسەر هاوولاتیاندا، پەیڕەویی لە ڕژێمی کۆپۆن بکاتو بەوەش لە ترسی برسێتی دیاردەی خۆدزینەوە لە خزمەتی سەربازی -تا ڕادەیەکی زۆر- لە نێو ئەندامانی هۆزەکان نەمێنێ.

بە هەر حاڵ، سەرژمێرییە مەزەندەکارییەکانی بەر لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٤٧)، تاکە ژێدەری پڕ بەهاو هۆیەکی گرنگی هەڵبواردراون، بە نیازی بەراوردکاریو تێگەیشتن لە خەمڵی ژمارەی دانیشتوان. بە تایبەت کە سەرژمێریی مەزەندەکاریی ساڵی (١٩٤٢)، ئەگەر وەك بنەڕەتێك بۆ بەراوردکاری لەگەڵ سەرژمێریی فەرمیی (١٩٤٧) وەربگیرێ، تا ئەندازەیەکی چاك لەگەڵ لۆژیك گونجاوە.

یەکەم سەرژمێریی فەرمیی ڕێكو پێك لە عیراقدا، سەرژمێریی (١٩ی تەشرینی یەکەمی ١٩٤٧) بوو، کە دواتر وەك نەریتێکی فەرمی، هەر دە ساڵ جارێك دووبارە کرایەوە. ئەمەش وا دەگەیەنێت کە ماوە مێژووەکەی ئەم لێکۆڵینەوەیە دوو سەرژمێرییە فەرمییەکەی ساڵانی (١٩٤٧و ١٩٥٧) دەگرێتەوە.

ڕاستیی گرنگی ئەنگراوی ئەم دوو سەرژمێرییە فەرمییە لەوەدا خۆ دەبینێتەوە، کە بۆ یەکەمجارە زانیارییەکی وردو تۆکمەو سوودبەخش لەمەڕ دابەشبوونی دانیشتوان بە پێی لیواو ناوچەکان، لەسەر بنچینەی تەمەنو پیشەو ئاینو..تاد، بگرێتە خۆ[٤].

بە گوێرەی یەکەم سەرژمێریی فەرمیی (١٩٤٧)، ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکووك، لە تێکڕای ژمارەی دانیشتوانی چواردە لیواکەی عیراق، کە کۆی ژمارەی دانیشتوانیان بەسەر یەکەوە (٤٨١٦١٨٥) کەس بوو، بریتی بوو لە (٢٨٦٠٠٥) کەس. بە دەربڕینێکی وردتر، دانیشتوانی لیوای کەرکووك لە کۆی ژمارەی دانیشتوانی عیراق، تەنها ڕێژەی (٥,٩٪)یان پێکدەهێنا. بەو ئاکامەش، لیوای کەرکووك لە ڕووی زۆری ژمارەی دانیشتوانەوە، دوای لیواکانی بەغدا (١٧,٠٪)و مووسڵ (١٢,٤٪)و دیوانیە (٧,٩٪)و مونتەفیك (٧,٧٪)و بەسرا (٧,٦٪)و عمارە (٦,٤٪)، بە پلەی حەوتەم دەهات. بەڵام لە ڕووی چڕی دانیشتوانەوە، پلەی یانزەهەمی بەرکەوتبوو، کـــە چـــڕی دانیشتوانی لە یـــەك کیلۆمـــەتری چوارگۆشەدا، خۆی لە (١٤,٠٥١) کەس دەدا[٥]. بەوەش کەوتبووە پێش لیواکانی کووت (١٣,٥٨٨)و هەولێر (١٣,٣٣٥)و دلێم (٤,٧٣٠)[٦].

هەرچی سەبارەت بە دابەشبوونی ڕەگەزیی دانیشتوانی لیوای کەرکووك بوو لە سەرژمێرییەکەی ساڵی (١٩٤٧)، ئەوا بەم شێوەیە بوو:

**ڕەگەزی مێ: (١٥٦٦٤٠) کەس.**
**ڕەگەزی نێر: (١٢٩٣٦٥) کەس[٧].**

ئەمەش ئەوە دەگەیەنێت کە ڕێژەی ڕەگەزی مێ بە ڕادەی جیاوازی (٢٧٢٧٥) کەس، لە ژوورتری ڕێژەی ڕەگەزی نێر بووە. ئەڵبەت ئەم ناهاوکوفییە لە ڕێژەی نێوان ئەو دوو ڕەگەزە، بە شێوەیەکی سەرەکی بۆ برەوسەندنی دیاردەی خۆدزینەوە لە خزمەتی سەربازی دەگەڕێتەوە، کە کەوتبووە ئەستۆی ڕەگەزی نێرینە. ڕێژەی هەرە زلی ئەو ناهاوتەرییەش لە ناوچە لادێنیشینەکاندا خۆی مەلاس داوە، بەو پێودانەی مەڵبەندی قورسایی خێڵەکانو بۆ بژێوی ئەندامانی، لە ڕادە بەدەر ئاتاجی کارگەرن. وەنەبێ ئەم دیاردەیە هەر لە لیوای کەرکووکدا هەبوو بێ(!) بەڵکو زۆربەی لیواکانی دیکەی عیراق، ئەم دیاردەیان تێدا پەرەی سەندبوو[٨]. بەڵام بە شێوەیەکی تایبەتی، لیواکانی (مونتەفیكو دیوانیە) پلەی یەکەمو دووەمیان لەو ڕووەوە داگیر کردبوو. یەکەمیان بە جیاوازی (٧٥,٧٩٩) هەزار کەسو دووەمیشیان بە ڕادەی جیاوازی (٥٨,٣٦٨) هەزار کەس، لە نێوان ڕەگەزی مێو ڕەگەزی نێر جیاوازیان لێ کەوتووەتەوە[٩].

هەر لەم ڕووەوە، سەبارەت بە مەڵبەندی قەزای کەرکوك، کە ژمارەی دانیشتوانی بەپێی سەرژمێریی فەرمیی ساڵی (١٩٤٧)، بریتی بوو لە (٩١,٥٨٢) هەزار کەس، (٤٣,٦٣٥) هەزار کەسیان لە ڕەگەزی مێو (٤٧,٩٤٧) هەزار کەسیشیان لە ڕەگەزی نێر بوون[١٠]. هۆکاری زەقی ئەم جیاوازییەش، بۆ کۆمپانیای نەوتی عیراق دەگەڕێتەوە، کە ڕەگەزی نێری لە زۆر ناوچەو کونو قوژبنەوە، بە تایبەت لە لیواکانی مووسڵو بەغدا، بە مەبەستی کارکردن بۆ خۆی کێش کردبوو[١١].

بێگومان، لە ماوەی ئەو دە ساڵەی پاش ئەنجامدانی یەکەم سەرژمێریی فەرمیی (١٩٤٧)، بارودۆخی دیمۆگرافیای لیوای کەرکووك پێ بە پێو لە چوارچێوەیەکی گشتییدا، گۆڕانو پەرەسەندنی لێ هاتە ئارا. بە گوێرەی دووەم سەرژمێریی فەرمی، کە کۆتاییەکانی ساڵی (١٩٥٧) ئەنجامدرا، ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکووك (٣٨٨,٨٣٩) هەزار کەس بوو. لەوان (١٩٠,٧٢٧) هەزار کەس لە ڕەگەزی مێو (١٩٨,١١٢) هەزار کەسیش لە ڕەگەزی نێر بوون[١٢]. لە سەرنج لێگرتنی ئەو ژمارانەدا بۆمان ڕوون دەبێتەوە، کە زێدەبووی ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکووك لە نێوان هەر دوو سەرژمێرییە فەرمییەکەدا، بریتی بووە لە (١٠٢,٨٣٤) هەزار کەس، کە بە ڕێژەی سەدی (٣٦,٠٪) زێدەبوونی دانیشتوانی پێکهێناوە.

بەپێی سەرژمێریی فەرمیی ناوبراوی سەرەوە، ژمارەی خودی دانیشتوانی نێو قەزای ناوەندی کەرکووك، بریتی بووە لە (٢٢١,٨٥١) هەزار کەس، کە (١١٣,٤٩٤) هەزار کەسیان لە ڕەگەزی نێرو (١٠٨,٣٥٧) هەزار کەسیشیان لە ڕەگەزی مێ بوونە[١٣]. ئەم پەرەسەندنە ناسروشتییە لە ژمارەی دانیشتوانی قەزای ناوەندی کەرکووك، کە بە ڕادەی جیاوازی نێوان دوو سەرژمێرییە فەرمییەکە (١٣٠,٢٦٩) هەزار کەسە، هێمایەکی هەرە گەورەی گەشەسەندنی بەرچاوی شارەکەیە.

هەر لەو ڕووەوە، خشتەی ژمارە (٣)، ئەرکی ڕوونکردنەوەی زێتری لایەنی ئەم گەشەسەندنە

ناسروشتییەی گرتووەتە ئەستۆ. لەو خشتەیەدا، کە زانیارییەکانی پشت بە سەرژمێرییەکانی (١٩٤٧ و ١٩٥٧) دەبەستێت، ڕاشکاوانە ئەو ڕاستییە ڕوون دەکاتەوە، کە زیادبوونێکی نابەرانبەر لە ژمارەی دانیشتوانی قەزای ناوەندی کەرکووک، بە بەراورد لەگەڵ قەزای ناوەندی لیواکانی مووسڵ، هەولێر، کووت، دیالەو سلێمانیدا هەیە[١٤].

سەبارەت بە قەزا ناوەندییەکانی (کووتو سلێمانی)، ئەو زیادبوونەی ژمارەی دانیشتوانی قەزای ناوەندی کەرکووک، لە بەراوردکردندا، نزیکەی هێندەو نیوە. بەڵام هەمان زیادبوون لە ژمارەی دانیشتوانی قەزای ناوەندی کەرکووک، بە بەراورد لەگەڵ قەزای ناوەندی مووسڵ، کە وەك دەزانرێ، لە کەرکووك پتر شارێکی بەرمێنی کار پەیداکردنەو لە ڕووی پیشەسازییشەوە لە چاو کەرکووك پێشکەوتووترە، سەرباری ئەوانەش، لە ڕووی ژمارەی دانیشتوانەوە بنکە فراوانترە، ئینجا هێشتا نزیکەی دوو هێندەیە(!!) ئەم حاڵو بارەی زێدەبوونی دانیشتوانی قەزای ناوەندی کەرکووك، سەبارەت بە قەزای ناوەندی لیوای هەولێریش، ڕێژەکەی وەك قەزای ناوەندی مووسڵ نزیکەی دوو هێندەیە. هەرچی قەزای ناوەندی دیالەیە، بە بەراوردکردنی لەگەڵ زێدەبوونی ژمارەی دانیشتوانی قەزای ناوەندی کەرکووك، ڕێژەکە نزیکەی سێ هێندەیە.

وا دەبینرێ، هۆکاری سەرەکی ئەم پەرەسەندنە ناسروشتییەی دانیشتوانی قەزای ناوەندی کەرکووك، بۆ بوونی کۆمپانیای نەوتی عیراق لە لایەكو لە لایەکی دیکەشەوە، بۆ بەردەوامیی خزینی نیشتەجێبووە دەرەکییەکان لە ناحیەی مەلحە "حەویجە"ی سەر بە قەزای ناوەندی بگەڕێتەوە.

لە پەرەسەندنە کاریگەرەکانی دیکەی باری دیمۆگرافیای کەرکووك لە قۆناغی نوێدا، کۆچکردنی کۆمەڵە دانیشتوانی جوولەکە بوو بۆ دەرەوەی وڵاتی عیراق. جوولەکەکان، ئەگەرچی مێژوویەکی دوورو درێژیان لەگەڵ دانیشتوانە ڕەسەنەکانی کوردستان بە تایبەتیو عیراق بە گشتی هەبوو، وەلێ بە هۆی ئەو ئاڵوگۆڕە سیاسییانەی لە ساڵی (١٩٤٨)دا هاتنە کایەوە، کەوتنە کەڵکەڵەی کۆچکردنو جێهێشتنی عیراق.

جێی سەرنجە، یەکەم سەرژمێرییەك زانیاری وردو ڕێكو پێکی دەربارەی دابەشبوونی ئایینی دانیشتوان خستە ڕوو، سەرژمێرییە فەرمییەکەی ساڵی (١٩٤٧) بوو، کە بەپێی ئەو سەرژمێرییە نەخشەی دابەشبوونی ئایینی دانیشتوانی لیوای کەرکووك بەم شێوەیە بوو:

موسـلمان: (٢٧٤١٢٣) کەس.
مووسـەوی: (٤٠٤٢) کەس.
مەسیـحی: (٧٧٦٧) کەس.
بیرو باوەڕەکانی تر: (٧٣) کەس[١٥].

ئەم دابەشبوونە، بە گوێرەی سەرژمێرییە فەرمییەکەی ساڵی (١٩٥٧)، لە سۆنگەی کۆچ پێکردنی هەمووەکی جوولەکەکان بۆ فەلەستین[١٦] و بەرزبوونەوەی ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکووك، گۆڕانی دیاری بەخۆوە گرت. بۆیە نەخشەی دابەشبوونی ئایینی دانیشتووانی لیوای کەرکووك، بەم شێوەی لێ هات:

موسـلّمان: (٣٧٥٣٦٢) کەس.

مووسـەوی: تەنـیا (٦) کەس.

مەسیـحی: (١٣١٥٠) کەس.

بیرو باوەڕەکانی تر: (٣٢١) کەس[١٧].

لە خاڵە سەرنجڕاکێشو گرنگەکانی دیکەی سەرژمێریی فەرمیی ساڵی (١٩٥٧)، خستنە ڕووی دابەشبوونی دانیشتوانی ناوچەو لیواکانە بەپێی زمانی دایك. ئەوەش بۆ یەکەمجار بوو سەرژمێرییەکی فەرمیو تا ئەندازەیەکی چاکیش، بابەتیانە، لەو بارەوە ئەنجام بدرێت. بە گوێرەی زانیارییە بەدەست هاتووەکانی نێو ئەو سەرژمێرییە، دابەشبوونی دانیشتوانی لیوای کەرکوك لەسەر بنەڕەتی زمانی دایك، بەو شێوەیە کە لە خشتەی ژمارە (٤)دا خراوەتە ڕوو.

لەم خشتەیەدا، ڕوون دەبێتەوە دانیشتوانی نێو شاری کەرکوك، بە تایبەت لە تورکمانو کوردو عەرەب پێك دێت، کە هەر یەکەیان بەم ڕێژانەی خوارەوە پشکداریان لە پێکهاتەی دانیشتوانی شاری کەرکوك کردووە: تورکمانی (٣٩,٧٪)، کوردی (٣٥,١٪)، عەرەبی (٢٣,٧٪)، سریانی (١,٣٪). بەڵام لەسەر ئاستی لیواکەدا، کوردی بە (٤٩٪) پلەی یەکەمو عەرەبی بە (٢٨,٦٪) پلەی دووەم دێت. پاش ئەوانیش یەك بە دوای یەك تورکمانی (٢١,٨٪)و سریانی (٠,٤٪) بە پلەی سێیەمو چوارەم دێن[١٨].

یەکێك لەو تێبینیانەی لە خشتەی ژمارە (٤)دا، زۆر زەقو جێی سەرسوڕمانیشە، کەمیی ژمارەی زمان سریانەکانە، کە تێکڕایان لەسەر ئاستی لیواکەدا (١٦٠٥) کەسە(!!) ڕاڤەی ئەم باسە ئەگەرچی کەمێك ئەستەمە، بەڵام دەشێ لە دوو ڕوانگەوە سەرنج بدرێت:

یەکەمیان: تایبەتە بە سروشتی ئایینو ئایینزاکەیان. ئایینی مەسیحی ئەوەندەی گرنگی بە لایەنی ڕۆحی داوە ئەوەندە گوێی نەداوەتە شتە ماددییەکان، بۆیە هاندان بۆ خستنەوەی وەچە ڕەواجێکی ئەوتۆی نییە. ئایینزای کاسۆلیکیش بەوەی کە گرێبەستی هاوسەرایەتی لە یەك تاکە ژندا سنووردار کردووە، بە نۆرەی خۆی ڕۆڵی دیاری لەم ڕووەوە گێڕاوە.

دووەمیان: لەوەدا دەبینرێ کە کۆچکردنی زمان سریانەکانی کەرکوك، لە چوارچێوەیەکی گشتییدا، بۆ بەغدای پێتەختو شارە گەورەکانی دیکەی وەك مووسڵو بەسرا، هۆکارێکی سەرەکی ئەم باسە بن.

هەر بەپێی سەرژمێریی ساڵی (١٩٥٧)، (٦٩٧) ئینگلیزیو (٤١) فرەنسیو (١٢٣) فارسیو (٨٧) هیندیو (٥٧٠٢) کەسیش کە بنەچەکی نەتەوەیی خۆیان نەدرکاندووە، لە لیواکەدا بوونیان هەبووە[١٩].

خشتەی ژمارە (١)

خەمڵی ژمارەی دانیشتوانی لیوای کەرکووك لە سەروبەندی کێشەی مووسڵدا[٢٠]

| ساڵ | کورد | تورکمان | عەرەب | جوولەکە | مەسیحی | کۆی گشتی |
|---|---|---|---|---|---|---|
| ١٩١٩ | – | – | – | ١٤٠٠ | ٦٠٠ | ٩٢٠٠٠ |
| ١٩٢١ | ٧٥٠٠٠[٢١] | ٣٥٠٠٠ | ١٠٠٠٠ | ١٤٠٠ | ٦٠٠ | ٩٢٠٠٠ |
| ١٩٢٢-١٩٢٤ | ٤٧٥٠٠ | ٢٦١٠٠ | ٣٥٦٥٠ | – | ٢٤٠٠ | ١١١٦٥٠ |

خشتەی ژمارە (٢)

خەمڵی ژمارەی دانیشتوانی کەرکووك بەر لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٤٧)[٢٢].

| ساڵ | خەمڵی دانیشتوانی کەرکووك بە هەزارە | ڕادەی زێدەبوون بە هەزارە | ڕێژەی کەرکووك لەسەر ئاستی عیراق | دانیشتوانی عیراق بە هەزارە |
|---|---|---|---|---|
| ١٩٣٠ | ١٣٢[٢٣] | ٢١ | ٤,٦٪ | ٢٨٢٤ |
| ١٩٣٢ | ١٣٨ | ٦ | ٤,٨٪ | ٢٨٣٥ |
| ١٩٣٤ | ١٦٦ | ٢٨ | ٥,٧٪ | ٢٨٩١ |
| ١٩٣٥ | ١٨٠ | ١٤ | ٥,٣٪ | ٣٣٥٢ |
| ١٩٤٢ | ٢٥٠ | ٧٠ | ٦٪ | ٤١٤٦ |

### خشتەی ژمارە (٣)

خستنە ڕووی ڕێژەی زێدەبوونی ژمارەی دانیشتوانی قەزای ناوەندی کەرکووک، لەچاو چەند قەزایەکی ناوەندیی دیکەی عیراق[٢٤].

| قەزا | ژمارەی دانیشتوان بە هەزارە | | زێدەبوونی نێوان دوو ئامارە فەرمییەکە بە هەزارە | ڕێژەی سەدیی زێدەبوون |
|---|---|---|---|---|
| | ١٩٤٧ | ١٩٥٧ | | |
| مووسڵ | ١٣٢,٧٤٦ | ٢٥٩,٩٩٥ | ١٢٧,٢٤٩ | ٣٤,٤ |
| کەرکووک | ٩١,٥٨٢ | ٢٢١,٨٥١ | ١٣٠,٢٦٩ | ٥٧,٠ |
| کووت | ٥٥,٧٧٩ | ١٢٣,٣٨٠ | ٦٧,٦٠١ | ٤١,٦ |
| سلێمانی | ٤٣,٠١٤ | ١١٠,١٧١ | ٦٧,١٥٧ | ٣٦,١ |
| هەولێر | ٢٦,٨٨٥ | ٨٤,٥٣٦ | ٥٧,٦٥١ | ٣٠,٩ |
| دیالە | ٤٢,٣٧٥ | ٧٠,٣١٥ | ٢٧,٩٤٠ | ٢١,٣ |

### خشتەی ژمارە (٤)

دابەشبوونی دانیشتوانی لیوای کەرکووک لەسەر بنەمای زمانی دایك لە سەرژمێریی ساڵی (١٩٥٧)دا[٢٥].

| زمان | ناو شاری کەرکووک بە هەزار | | | کۆی گشتیی لیوای کەرکووک بە هەزار | | |
|---|---|---|---|---|---|---|
| | نێر | مێ | تێکڕا | نێر | مێ | تێکڕا |
| کوردی | ٢١,٢٨١ | ١٨,٧٦٦ | ٤٠,٠٤٧ | ٩٥,٣٩١ | ٩٢,٢٠٢ | ١٨٧,٥٩٣ |
| عەرەبی | ١٥,٠٠٨ | ١٢,١١٩ | ٢٧,١٢٧ | ٥٦,٧٢٤ | ٥٢,٨٩٦ | ١٠٩,٦٢٠ |
| تورکمانی | ٢٢,٥٦٤ | ٢٢,٧٤٢ | ٤٥,٣٠٦[٢٦] | ٤١,٥٥٦ | ٤١,٨١٥ | ٨٣,٣٧١ |
| سریانی | ٧٧٤ | ٧٣٥ | ١,٥٠٩ | ٨٢٢ | ٧٨٣ | ١,٦٠٥ |
| کۆی گشتی | | | ١١٣,٩٨٩ | کۆی گشتی | | ٣٨٢,١٨٩[٢٧] |

## پەراوێزەکان

١- مامۆستا لە بەشی مێژوو، کۆلیجی ئاداب، زانکۆی سەلاحەددین.

٢- پرۆژەی حەویجە، بریتییە لە هەڵکەندنی کەناڵێکی گەورە بە درێژایی (٥٥کم)، لە زێی بچووکەوە بۆ حەویجە، بە مەبەستی ئاودێری ئەو دەشتانەی لە حەویجەو دەورو بەردان. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: د.خليل اسماعيل، البعد القومي للاستيطان العربي في محافظة كركوك، في: بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك (٣-٥ نيسان ٢٠٠١، اربيل)، ط٢، اربيل، ٢٠٠٢، ص٢٠٧.

3- See: N. Talabany, Arabization of the Kirkuk Region, Kurdistan Studies Press, Uppsala, 2001, PP. 36-37.

٤- لە کەمو کوڕییە هەرە دیارەکانی سەرژمێریی ساڵی (١٩٤٧)، فەرامۆشکردنی سەرژمێریی دابەشبوونی دانیشتوان بوو لەسەر بنچینەی زمانی دایک.

٥- ڕێژەی چڕی دانیشتوانی لیوای کەرکووک زۆرتر بۆ مەسەلەی بوونی سەرچاوەی ئاوی زۆرو هەمەچەشن دەگەڕایەوە. بڕوانە: د.شاكر خصباك، العراق الشمالي، ص٢٩٠.

٦- المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية (مديرية النفوس العامة)، إحصاء السكان لسنة ١٩٤٧، ج١ (لواء بغداد-لواء الحلة-لواء الدليم-لواء كربلاء-لواء الكوت-لواء ديالى)، ج٢ (لواء الموصل-لواء كركوك-لواء السليمانية-لواء اربيل)، ج٣ (لواء البصرة-لواء المنتفك-لواء العمارة-لواء الديوانية)، بغداد، ١٩٥٤.

٧- إحصاء السكان لسنة ١٩٤٧، ج٢، لواء كركوك.

٨- تەنانەت لە لیوای هەولێردا، گەلێك جار، باوکەکان ناچار بوونە ناوی کچانە لە کوڕەکانیان بنێن تا لە خزمەتی سەربازی ڕزگاریان بێت. دیمانەیەکی تۆمارکراو لەگەڵ حەیدەر عوسمان لە لایەن دوکتۆر ئیسماعیل شکور ڕەسووڵ ئەنجامدراوە، بە مێژووی (٢٨ی ئایاری ١٩٩٧)، هەولێر" دیمانەیەکی تۆمارکراو لەگەڵ عەلی چوکل بریە لە لایەن دوکتۆر ئیسماعیل شکور ڕەسووڵ ئەنجامدراوە، بە مێژووی (٦ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧)، هەولێر.

٩- إحصاء السكان لسنة ١٩٤٧، ج٣، لوائي المنتفك و الديوانية.

١٠- إحصاء السكان لسنة ١٩٤٧، ج٢، لواء كركوك، الجدول الأول، ص١٠٣.

١١- بڕوانە: أ.م. مینتیشاشڤیلی، کورد (کورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی-ئابووریی، ڕۆشنبیریو گوزەران)، (وەرگێڕانی: د.عیزەدین مستەفا ڕەسووڵ)، سلێمانی، ١٩٩٩، **ل٣٠٠؛** د.نوري خليل البرازي و د.خطاب صكار العاني، جغرافية العراق، بغداد، ١٩٧٩، صص١٤١-١٤٢" د.عبدالرزاق عباس حسين، نشأة مدن العراق وتطورها، ط١، دون مكان الطبع، ١٩٧٣، صص٧٣-٧٤.

١٢- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية (مديرية النفوس العامة)، المجموعة الإحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي السليمانية و كركوك، بغداد، دون سنة الطبع، الجدول الأول، ص١٣٩.

١٣- م.ن، الجدول الرابع، ص١٤٥.

١٤- ئەم چەند قەزا ناوەندییە، لەسەر بنەمای جۆر بە جۆریی ناوچەکانی عیراق (باکوور، ناوەڕاستو باشوور)، وەرگیراون.

١٥- إحصاء السكان لسنة ١٩٤٧، ج٢، لواء كركوك، الجداول السادسة، صص١١٨، ١٢٦، ١٣٦، ١٤٨.

١٦- ساڵی (١٩٥٠)، حکومەتی عیراق بە مەبەستی کۆچ پێکردنی جوولەکەکان بۆ فەڵەستین، بڕیاری لێ سەندنەوەی ڕەگەزنامەی جولەکە نەژادەکانی عیراقی دەرکرد. بۆ زانیاریی زیاتر، بڕوانە: خلدون ناجي معروف، الاقلية اليهودية في العراق بين سنة ١٩٢١ و١٩٥٢م، الجزء الثاني، بغداد، ١٩٧٦، صص١٢٩-١٤٢" يعقوب يوسف كورية، يهود العراق (تأريخهم، أحوالهم، هجرتهم)، ط١، لبنان، ١٩٩٨، صص١٥٥- ومابعدها.

١٧- المجموعة الإحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي السليمانية و كركوك، الجدول السادس، ص١٤٨.

١٨- له حسێبکردنی ئەم ڕێژانەدا، ژمارەی دانیشتوانە بیانییەکان دەرهێنراوە. بۆ ساغکردنەوەی ڕێژەکانو بە دەستخستنی ئاکامەکان، مامەڵە تەنها لەگەڵ کۆی ژمارەی چوار لایەنەکە کراوە.

١٩- بڕوانە: المجموعة الإحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي السليمانية و كركوك، الجدول السادس عشر، ص٢٤٣.

٢٠- عصبة الأمم، مسألة الحدود بين تركية والعراق، بغداد، ١٩٢٤، صص٣٦و٩٤" الحكومة العراقية، قضية الموصل في مؤتمر لوزان، بغداد، ١٣٤٣هـ (١٩٢٤م)، ص٤.

٢١- دیارە کە ئەم ژمارەیە هەڵەیە، بە دوو پێودان، یەکەم: کۆی گشتیی دانیشتوانی کەرکووك بەسەر یەکەوە، لەو ساڵەدا، وەك ئاماژەی پێدراوە، بریتی بووە لە (٩٢٠٠٠) کەس، کەچی لە کاتی کۆکردنەوەی هەموو ژمارەکانی ئەو ساڵە، کۆی گشتیی دانیشتوان دەکاتە (١٢٢٠٠٠) کەس. دووەم: لۆژیکی پەرەسەندن ئەوە قبووڵ ناکات ساڵی (١٩٢١)، ژمارەی کورد (٧٥٠٠٠) کەس بووبێو ساڵی (١٩٢٤)، بەرەو پاش هەنگاوی هەڵنابێو بووبێتە (٤٧٥٠٠) کەس(!!) ئەمەو ئەگەر ئەوەش بزانرێ، کە لەنێوان ئەو ساڵانەدا، هیچ ڕووداوێکی گەورەو ناسروشتی دیمۆگرافی لە ناوچەکە ڕووی نەداوە. بۆیە ڕەنگە خەمڵی دانیشتووە کوردەکان، لەو ساڵەدا، (٤٥٠٠٠) کەس بووبێو لێرەدا هەڵەی چاپی تێ کەوتبێ.

٢٢- الدليل العراقي الرسمي لسنة (١٩٣٦)، بغداد، ١٩٣٦، ص٦٩١" ألبرت م. منتشاشفيلي، العراق في سنوات الانتداب البريطاني، ص٤١٦" د.متي عقراوي، العراق الحديث، (ترجمة: د.متي عقراوي و مجيد خدوري)، ج١، بغداد، ١٩٣٦، ص١١" د.احمد نجم الدين، أحوال السكان في العراق، دون مكان الطبع، ١٩٧٠، ص١٠٨"

H. Jawad, Social Structure of Iraq, New Publishers, Iraq, 1945, P.9.

٢٣- ئەم خەمڵە لە سەرچاوەکەدا بە (١٣٦٧٥٠) کەس هاتووە، بەڵام پاش وردبوونەوەو کۆکردنەوەی سەرجەم ئەو زانیاریانەی داویەتی، کۆی ژمارەکە دەکاتە (١٣٢,٧٥٠) کەس. بڕوانە:

Public Record Office, F.O., 371 / 14521 / 5247, Recial statistics for Kurdish Areas to latest Figures, February 1930, P.19.

٢٤- بۆ ئامادەکردنی ئەم خشتەیە، پشت بەم سەرچاوانە بەستراوە: احصاء السكان لسنة ١٩٤٧، اجزائه الثلاثة" المجموعة الاحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، كافة الالوية العراقية.

٢٥- بڕوانە: المجموعة الإحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي السليمانية و كركوك، الجدول السادس عشر، ص٢٤٣.

٢٦- ئەم ژمارەیە، کوردو عەرەبو کلدانەکانیش دەگرێتەخۆ، چونکە زۆرێك لە دانیشتوانی نێو شاری کەرکووك، لە ئەنجامی زاڵیی کەلتووری تورکمانی بەسەر سیما سەرەکییەکانی شارستێنیی شارەکەوە، بە زمانی تورکمانی دەدوان. تەنانەت هەندێك بنەماڵەی دیاری کورد، زمانی ئاخاوتنی نێو خێزانیان بە تورکمانی بووە(!!) ئەو دیاردە بەرچاوەی، کە سەرچاوەیەکی تورکیی هاوسەردەم، سەبارەت بە سێ سەدو پەنجا خێزانی کلدانی پشت ڕاستی کردووەتەوە.

Islām Ansiklopedisi (Islām Ālemi, Tarih, Coğrafya, Etnografya Ve Biyografya Lugati), Cild (61 to 66) Maarif Basimevi, Istanbul, 1957, S.590;

دیمانەیەك لەگەڵ نەژاد عەبدوڵڵا عەزیز، بە مێژووی (٧ی نیسانی ٢٠٠٥)، هەولێر" دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر مارف خەزنەدار، بە مێژووی (٢٣ی شوباتی ٢٠٠٦)، هەولێر.

٢٧- تەنها ئەو کەسانە حسێب کراون کە دانیشتوانی هەمیشەیی شارەکەن. ئەوانەی بۆ کارکردنو گەشت لە لیواکە بوونەو لە سەرژمێرییەکەدا ناونووس کراون، لێرەدا دەرکێشراون.

## سەرچاوەکان


- عصبة الامم، مسألة الحدود بين تركية والعراق، بغداد، ١٩٢٤.
- الحكومة العراقية، قضية الموصل في مؤتمر لوزان، بغداد، ١٣٤٣هـ (١٩٢٤م).
- د.خليل اسماعيل، البعد القومي للاستيان العربي في محافظة كركوك، في: بحوث المؤتمر العلمي حول كركوك (٣-٥ نيسان ٢٠٠١، اربيل)، ط٢، اربيل، ٢٠٠٢.
- الدليل العراقي الرسمي لسنة (١٩٣٦)، بغداد، ١٩٣٦.
- ألبرت م. منتشاشفيلي، العراق في السنوات الاننتداب البريطاني.
- د.متي عقراوي، العراق الحديث، (ترجمة: د.متي عقراوي و مجيد خدوري)، ج١، بغداد، ١٩٣٦.
- د.احمد نجم الدين، أحوال السكان في العراق، دون مكان الطبع، ١٩٧٠.
- د.شاكر خصباك، العراق الشمالي (دراسة لنواحيه الطبيعية والبشرية)، ط١، بغداد، ١٩٧٣.
- المملكة العراقية، وزارة الشؤون الاجتماعية (مديرية النفوس العامة)، إحصاء السكان لسنة ١٩٤٧، ج١ (لواء بغداد-لواء الحلة-لواء الدليم-لواء كربلاء-لواء الكوت-لواء ديالى)، ج٢ (لواء الموصل-لواء كركوك-لواء السليمانية-لواء اربيل)، ج٣ (لواء البصرة-لواء المنتفك-لواء العمارة-لواء الديوانية)، بغداد، ١٩٥٤.
- أ.م. منتشاشفيلي، كورد (كورتەی پێوەندیی کۆمەڵایەتی-ئابووریی، رۆشنبیری‌و گوزەران)، (وەرگێڕانی: د.عیزەدین مستەفا رەسووڵ)، سلێمانی، ١٩٩٩.
- د.نوري خليل البرازي و د.خطاب صكار العاني، جغرافية العراق، بغداد، ١٩٧٩.
- د.عبدالرزاق عباس حسين، نشأة مدن العراق وتطورها، ط١، دون مكان الطبع، ١٩٧٣.
- الجمهورية العراقية، وزارة الداخلية (مديرية النفوس العامة)، المجموعة الإحصائية لتسجيل عام ١٩٥٧، لوائي السليمانية و كركوك، بغداد، دون سنة الطبع.
- خلدون ناجي معروف، الاقلية اليهودية في العراق بين سنة ١٩٢١ و١٩٥٢م، الجزء الثاني، بغداد، ١٩٧٦
- يعقوب يوسف كورية، يهود العراق (تأريخيهم، أحوالهم، هجرتهم)، ط١، لبنان، ١٩٩٨.
- دیمانەیەك لەگەڵ نەژاد عەبدوڵڵا عەزیز، بە مێژووی (٧ی نیسانی ٢٠٠٥)، هەولێر.
- دیمانەیەك لەگەڵ دوکتۆر مارف خەزنەدار، بە مێژووی (٢٣ی شوباتی ٢٠٠٦)، هەولێر.
- دیمانەیەکی تۆمارکراو لەگەڵ حەیدەر عوسمان لە لایەن دوکتۆر ئیسماعیل شکور ڕەسووڵ ئەنجامدراوە، بە مێژووی (٢٨ی ئایاری ١٩٩٧)، هەولێر.
- دیمانەیەکی تۆمارکراو لەگەڵ عەلی چوکل بریە لە لایەن دوکتۆر ئیسماعیل شکور ڕەسووڵ ئەنجامدراوە، بە مێژووی (٦ی کانوونی دووەمی ١٩٩٧)، هەولێر.

- **H. Jawad, Social Structure of Iraq, New Publishers, Iraq, 1945.**
- **Islām Ansiklopedisi (Islām Ālemi, Tarih, Coğrafya, Etnografya Ve Biyografya Lugati), Cild (61 to 66) Maarif Basimevi, Istanbul, 1957.**
- **N. Talabany, Arabization of the Kirkuk Region, Kurdistan Studies Press, Uppsala, 2001.**
- Public Record Office, F.O., 371 / 14521 / 5247, Racial statistics for Kurdish Areas to latest Figures, February 1930.